www.kurdistannet.org
5-6-2003 20:43

# قەشەیەکی بێ خوا

کاوە ئەمین

لەم ڕۆژانەدا، قەشەیەکی دانیمارکی لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ئاشکرایی کرد کە ئەو بڕوای بە هەبوونی خوا نییە، ئەمەش بووە هۆی نارەزایەتی کلێسایی ئەو وڵاتە و بۆ ماوەی هەفتەیەک لە کارەکەی لابردرا، تا لەو ماوەیەدا جارێکی تر بە قسەکانی خۆیدا بچێتەوە و پەشێمانی نیشان بدات، یانیش لە کاری قەشەیەتی دەردەکرێت. ئەگەر ئەم سزایە لەگەڵ یاری تۆپی پێ بەراورد بکرێت، ئەوا ئەو قەشەیە کارتی سووری دراوەتێ. بەڕاستی چیکەڵدانەی کلێسای دانمارکی گەورەیە کە ئەوەندە بە سەبرن، تۆ بڵێی ئەگەر مەلایەکی لای خۆمان کفرێکی وای بکردایە چیان لێ بکردایە؟



## تۆڵەی تیرۆرکردنی گورگێک

چەند مانگێک لەمەوبەر، کابرایەکی وەرزێری سوێدی، گورگێکی دایە بەر دەستڕێژوو لە خوێندا گەوزاندی. ئەم کابرایە بۆ پارێزگاری لە حەیوانەکانی ئەم کارەی کرد. بەڵام دەستی یاسا گەیشتە ئەو وەرزێرە و مەحکەمە بڕیاری دا کە دەبێت ئەو وەرزێرە (١٥٠) هەزار کرۆنی سوێدی کە دەکاتە نزیکەی (١٧) هەزار دۆلاری ئەمریکی بدات بە خەزێنەی دەوڵەت و (١٤٠) سەعاتیش کاری کۆمەڵایەتی بکات، ئەمەش لەپای ئەوەی کە بەپێی یاسای سوێدی مافی ژیانی ئەو گورگە پارێزراو بوو.

بەڕاست ئەگەر پیاوکوژ و دزەکانی وڵاتی خۆمان و وڵاتانی تر، بدرێنە دادگایەکی ئاوا دەبێت چ جۆرە سزایەکیان بدرێت؟



وێنە: ڕۆژنامەی UNT

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت